www.kurdistannet.org
20-10-2006 11:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پرسی ڕاگەیاندن و پێشینە مێژووەیەکانی ... ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس

هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان وەكو ئێستا، لە كۆی مێژووی دەیە و نیوێكی فەرمانڕەوایی كورددا، دەسەڵات و بەشێك لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان، دەبەریەك ڕانە چوون و ناچاری چلەحانی نەبوون. ئەو هەڵلایەی ئێستا، ئەگەر چی شێوازی دەربڕین و ڕەخنەی توند، تا بە بەخشینەوەی جۆینی هەندێك لەسایتەكانی ئینتەرنێت و ڕۆژنامە ئەهلییەكان دەگات، هۆ كارینی و كاردانەوەی توندی لای دەسەڵات و خودی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەدواداهات. بەڵام بێشك لەدواجاردا، دابڕاو نییە لەكۆی گشتی مێژووی ڕاگەیاندنی كوردستان و بێگومانیش لەپێشینە میژووە سیاسیەكەش بەدەر نییە. تەنانەت خودی دەنگ لێوەهاتنی لەم كاتەدا كارێك نییە هەروا سەرپێی لەكارلێكی نێوان پیرۆزگەرایی لای دەسەڵات و ڕەخنەی توند و بەخشینەوەی جۆێنی هەندێك لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسان ڕوویانداببێت. ئەوەی ڕاستی بێت و گەر بۆێرین بیدركێنین، رق و یەكتر ڕەتكردنەوە، لەمێژووی نۆێی ئێمەدا، لەئاستێكی باڵا دایە و فەرهەنگێكە زۆر زۆر بەداخەوە!! تێكۆشەران و سیاسەتمەدارانی ئێمە دیانهێناوە. لە فەرهەنگی ئەوانەوە دزەی كردۆتە ناو هەموو كایەكانی ژیانی خەڵك و لەناو ڕاگەیاندنكارانیش (ئەگەر لەوشەكە بەهەڵە نەچووبم) بۆ هەر ئامانجێك بووبێت، زۆرترین كاریگەری نەرێنی درووست كردووە.

هەموو پێشبینیەكان سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەكێشن كە ئەم شێوازەی ئیستا، لەگەڵ فراوان بەكار هێنانی ئینتەرنێتدا لە كوردستان، بۆ نابووتكردنی یەكتری زیاتر پەرە دەستێنی. ئاخر كۆنەستی كۆمەڵگا لە ڕابردوو پڕ پڕ كراوە لە سڕینەوەی یەكتری و تا ئێستاش لە جیاتی خاڵی كردنەوەی ئەم ڕابردووە. لەلایەن ئەم و ئەوی سیاسی لە ڕێگای بوارە ڕۆژنامەنووسییەكەوە، دنەی ڕق لێبوونەوە و پەسنی بەخشینەوەی جۆێن دەدرێت.

ئەو مێژووەی بزافی ڕزگاری خۆازی كوردی لە نزیكەی نیو سەدەی ڕابردوودا، پێیدا ڕتبووە لە چەند كەرتبوون و تەكەتول بازی و یەكتر نابووت كردن تا بە توندوتیژی و بەكارهێنانی چەك دەگات. كاریگەری و جێكەوتەی خراپی لەسەر نەوەی نۆێی داناوە. بەداخەوەش تا ئەم ساتەش گەلێك لەسیاسییەكان، لەجیاتی سڕینەوەی ئەم مێژووە نەرێنییە، تەنها پشتیوانی لەجۆرە ڕاگەیاندنێك دەكەن. كە بەڕاستی هەرچی بابەتی بێت تێادا وەلا نراوە و تەنها جۆێن دەبەشێتەوە. هەر بۆیە هەر قەڵەم بەدەستێك، كەبییەوێت بەم ئاراستەیە دەنگی ببیسترێت. دەیان كەناڵی میدیای بۆ دەڕەخسێ و بەپارە و پێدانی پۆست خەڵات دەكرێت!!.

لەم نێوەندەدا گەر بمانەوێت خاڵ لەسەر پیتەكان دابنێن، دەبێت پێشەكی باسێكی گشتی لەڕۆژنامەنووسان و خودی دەزگاكانی ڕاگەیاندن، بەهەموو جۆرەكانیانەوە بكەین. ئەگەر چی وشەی ڕاگەیاندن لێرەدا زۆر گشتگیرە و دوای زەمەنێكی زۆر. ڕاگەیاندن لە كوردستان شیوازی جیاجیای ڕاگەیاندنی حكومی و حزبی و ئەهلی و سەربەخۆ و كۆمەڵایەتی و... هتد وەرگرتووە. لەناو ئەوشیوازانەشدا، چەندان جۆری بیسترا و ڕاگەیاندراو خۆێنراو و ئەلكترۆنی هەن. بەڵام لەدوا جاردا، زۆربەی هەرە زۆری، ئاڕاستە و سەرەداوەكانیان، بۆ گرۆڵەی حزب و لەوێشەوە وەكو تەونی جاڵجاڵۆكە بە دەزگا ئەمنییەكانیان بەستراوەتەوە. ئەوەش تا حەدێكی زۆر ڕەنگە شیاو و لەجێی خۆی دابۆایە ئەگەر... بەڕێوەبەرانی ڕاگەیاندنە هەمە چەشنەكانی حزبەكان لە مێژوویەكی ڕابردوو تەندروست بانایە!!! بەڵام داخەكەم هەرگیز وانییە. تێفكرن زۆربەی ئەوانەی ڕاگەیاندنی حزبەكان و دەسەڵات بەڕووە ئاشكراو ڕووە سێبەرەكەی بەڕێوەدەبەن كێن؟ ئەوانەن كە لە تەمەنێكی كەمدا، چەندین حزبیان كردووە. ئەگەر نموونەش پێویستە؟ تا دەیان ناو بهێنین. هەڵبەتە خۆێنەریش لەمێژووی ڕابردووی حزبە كوردستانییەكان بەئاگایە. ئاخۆ حزبێك هەیە لەمێژووی ململانێی خۆێناوی یەكتری نەگلابێت؟! ئەم

دۆخەی ڕاگەیاندن كە كەس ئیرەیی پێی نابات. دیوارێكی ئەستووری بۆ ئەو گەنجە بەهرەمەندانە دروست كردووە، كە خولیای ڕاگەیاندن هەموو هەستەكانی تەنیون و مەرەمیانە بێی ئەم بەر و ئەوبەر، لەسەر ڕێرەو و خۆیان لە ڕاگەیاندن پێی بگەن و تواناكانی خۆیان تێدا بەدەرخەن. بێی ئەوەی بە پەیژە و پلیكانەی ویژدان لەبن پێی نان بۆ ئاستێكی باڵا سەركەون.
ئەم شیوازەی ڕاگەیاندن لە كوردستاندا، تا چەند كاریگەری هەبووە لەسەر بارودۆخی گشتی كۆمەڵگا و تا چەندێكیش لەسەر هەست و نەست و كۆی گشتی فەرهەنگ و هوشیاری و ڕۆشنبیری؟ ئیدی هەڵسەنگاندنی ئەو كاریگەریانە لەڕاستییدا دژوارە. چونكە بۆ نموونە: ئەم ناشیاوەی گەلێك لە كادرە باڵاكانی ڕاگەیاندنەكان، كەمترین كاریگەری بەلای هوشیاری لە فەرهەنگی گشتی كۆمەڵگا هەبووە. بەپێچەوانەوە هۆكارێك بووە بۆ سڕانەوە و بزر بوونی بەها جوانەكانی وڵاتەكەم!! كە پێویست بوو لە ژیانی ڕۆژانەی هەریەكێكمان ڕەنگی بدابایەوە و كاری بكردایەتە هەڵۆێست و لەخۆ بردوویمان لەبەرامبەر ئامانجە نەتەوەیە باڵاكانمان.
ئایا لە ماوەی " 15 "ساڵدا، چەند جار بەجدی پرسیومانە. ؟ ئایا ڕاگەیاندن توانیویەتی بیسەلمێنێت، لەخەمی كۆمەڵگادایە و لەخزمەت دۆزی نەتەوایەتیدا دەبێت؟ شەفاف و ڕاستگۆ و بەرپرسیاربێت، نەك لەسەر بنەمای تانە و تەشەر و پروپاگەندە دروست بووبێت. دەزانن ڕاگەیاندن پێش هەموو ئەركێك، پیویستە بەدوای ئارامی خۆێنەر، بینەر، بیسەرەوەبێت. تا ئەو ئەندازەیەی دڵنیایی لەهەموو كایەكانی ژیان بۆ زۆرینەی خەڵك و جەماوەر وەدەست دێنێت. كەئەمەش تەنها لەشەفافیەت و بوێریدا بەدەست دێت، نەك باوەڕ بەسەركردایەتی سیاسی كوردستان بێنێت. كە هەموو گوتنێك لەسەر زاری خۆی لەناو جەماوەر و خەڵك بەئاسانی جێگای دەبێتەوە. بۆیە دەسەڵات گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی نابێت خەڵك وەك سیاسییەكان، بەهیچ جۆرێك لە كەم و كوری و فشار و نیگەرانییەكان بەئاگابن. تاكو كاریگەری لە كۆنەستیان نەكات. هەر بۆیە هەمیشە دەسەڵات بە تەشریفاتانە دێتە ئاخاوتن. كە ئەش جگە لەڕووپۆشی ڕاستییەكان هیچی تر نییە.
جیا لەو پێشینە مێژوویەی ڕابردوو، ئەوەی ئەم چەند ڕۆژە دوای دیدارەكانی بەرێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا، ئاخاوتن و قسەی جدی لێكرا. پرسی ڕێكخستنی و پێداچوونەوەی یاساكانی كاری ڕۆژنامەوانی بو بە پرسگەرێك و ئێستا لە ڕۆژەڤدایە. لەم سەروبەندەدا كەناڵە جۆربەجۆرەكانی ڕاگەیاندن، لەجیاتی بابەتییەت لەمەڕ پرسێكی ئاوا، ڕێگری بۆ دابەش نەبوونی ڕۆژنامەنووسان بەسەر دوو بەرەی دژبەیەكدا. بۆتە كۆپییەكی سیاسییەكان و هەرچی پیشەیی بێت لەدەستی داوە، بەهەموو توانایەوە تەنها لەبیری ڕازیكردانی دەسەڵات دایە.
2006/10/17